# گۆرانیەکیش بۆ جوانیەکانی (مەم)

تەرزە جاف



زۆر جار لە کاتێکدا باسی نووسین دەکرێت دەبینین هەوڵی ئەوە دەدرێت کە قەڵەمی ئافرەتان جیا بکرێتەوە لە قە ڵەمی پیاوان، بەتایبەتی ئەمە لە شیعرو چیرۆکدا زۆر باس دەکرێت. ئەمەش لە بە ر ئەوەی دیارە نووسەرە ئافرەتەکانمان خۆیان بە تەنگ ئەو مەسەلەیەوەن هەرچەندە کەمی شاعیرونووسەرە ئافرەتەکان یاخود بابڵێین کەمی دەنگە باشەکان و بە تواناکان مەجبوورمان دەکات لە سلێمانی و هەولێرو ئەورووپاش بگەڕێین.

ئەو پرسیارەی لێرەدا من دەمەوێ بیپرسم: (ئەی گۆرانی بێژەکانکمان)؟ ئایا ئەوانیش وەك نووسەر و شاعیرەکان و بگرە زیاتریش پێویستیان بە تایبەتمەندی خۆیان نیە؟ ئایائەم خانمە گۆرانیبێژانە هەست ناکەن و درکیان بەوە نەکردووە کەزۆربەیان گۆرانی(دەڵێنەوە) نەك(دەڵێن) ؟بۆچی کەسیان بەپەرۆش نین بۆئەو مەسەلەیە کە زۆر گرنگە و تەنانەت لایەنێکی ئەخلاقیشی پێوەیە!

ئایاگۆرانی خاوەنی پەیامێك نیە؟ ئایا گۆرانی کەسایەتی تایبەتی ئەو هونەرمەندە دەرنابڕێت ؟مەسەلەی گۆرانی وتنەوەلای ئێمە دیارە زۆر باوە بەلاّم ئەو گۆرانیانە چۆنن ؟

گۆرانی ووتنی ئافرەتان تا رادەیەك نوێیە و بە تایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بووە بەڵام شتێکی دیارە کە گۆرانییە ((باوەکان)) گۆرانی پیاون لەبەر یەك هۆ ئەمیش ئەوەیە کە وەکو گوتمان گۆرانی گوتنی ئافرەت تا رادەیەك تازەیە کەواتەئایا جێی داخ نییە کە گوێمان لەژنە گۆرانی بێژێك دەبێت بەسەر نەشمیل و لەیلا ومەستوورە دا گۆرانی دەچڕێ؟ ئایا ئەوە لەهەستی خۆیەوە هەڵدەقوڵێ؟ یاخود ئەو تەنها دەنگەکەی پێگرنگەو هیچ هەستێکی خۆیی تێدا نیە! بێ گومان ئەم دوو حاڵەتەش یەك لە ئەوی تر خراپترە.

ئایا ئەمە کاریگەریەکی خراپی نیە لەسەر زەوقی جەماوەرێك کە گوێ لەم گۆرانییانە دەگرێت؟پاشان ئایا ((ئەم ناماقووڵیە))واتای هونەرەکە و جوانی هونەرەکەناشیرین و خەوشدار ناکات؟

ئایا نەکبەتی نییە کە گوێمان لە کچۆڵەیەکی دەنگ خۆش دەبێت گۆرانی بەسەر لیمۆ و و هەناردا دەڵێت؟

ئایا کارەسات نییە کە گوێمان لە ژنێکی جوانکیلە دەبێت گۆرانی بەسەر سینەو مەمان دا دەڵێت؟

بەڵێ دیارە من و تۆش پێویستیمان بەوە هەیە کە هەست بکەین ئەو هونەرمەندە هەستێکی تایبەتی خۆی دەردەبڕێ و (ڕاستگۆیە).

نە مامێك چۆن دەبێ گۆرانی بۆ ((نەمام)) بڵێت!

مەستورەیەك گۆرانی بەسەر ((مەستورە)) دا بچڕێت !

لەیلایەك بەلەیلا بڵێت: مانگە شەو دایم دەم لەناو دەم بوو لەیلێ لەبیرتە یا لە بیرت چوو!!

کەواتە مادام حاڵەتە مرۆڤایەتیە ئاساییەکە وایە کە پیاو ژنی خۆشدەوێت و بەسەر جوانیەکانی ژن دا هەڵدەدات وگۆرانی گوتنیشی دەربڕینێکی ئەو حاڵەتەیە، وا جوانتر و گونجاو تر نیە کە کچ و خانمە گۆرانیبێژەکانیشمان لەجیاتی مەستوورەو لەیلا باسی شێرۆ و حەمەدەمین بکەن یان بەلای کەمی شتێك لەگۆرانیەکانی ((دەیلێنەوە)) بگۆڕن بەشێوەیەك کە بۆ ژن بگونجێ لەجیاتی ئەوەی بەسەر سینەو مەمان دا هەڵبڵێن با جوانیەکانی سمێڵ و بازو و پێی رەقەم(46) دەربخەن با شە نازانن ژنێك خۆشەویستەکەی بە میوەیەك بشوبهێنێت ئەوە بێگومان بە لیمۆ و هەنار و سێوی ناشوبهێنێت؟

www.kurdistannet.org